# کتێبی هەموو شەوێك وەرە بۆ لام … ڕانانی/ سەدیق سەعید ڕواندزی

شیعری جیهانی بەبەراورد لەگەڵدا ژانرەكانی دیكەی ئەدەب وەك چیرۆك وڕۆمان، كەمتروەرگێڕدراوەتە سەرزمانی كوردی. ڕەنگە ئەمە بەشێكی پەیوەست بێت بەوەی كەوەرگێڕانی شیعربەبەراورد لەگەڵ ژانرەكانی دیكە، كارێكی قوڕستر بێت. بەوپێیەی شیعر لەوێنەی هونەری وڕیتم و شعریەت پێكهاتووە.

جیاوازلەڕۆمان وچیرۆك كە ڕەگەزی گێڕانەوە بینای سەرەكی دەقەكە پێكدەهێنن. بێگومان گێڕانەوەش كردارێكە ئاسانتروەردەگێڕدرێت بەبەراوردلەگەڵ دالێكی شیعری، یاخود ڕەمزو وێنەیەكی هونەریيانەی شیعر. بۆیەزۆرجار دەبینین وەرگێڕانی شیعروەك هونەرێكی قوڕسی وەرگێران وێنا دەكرێت.

بەوەی كەناتوانرێت ناوەڕۆكی شیعرلەڕووی هونەریی و ڕیتمی شیعرییەوە بەتایبەتیش شیعری ئازاد كەكێش وسەروای نییە،وەكو خۆی وەربگێڕدرێت و بگەینرێتە خوێنەر. لێرەوەش دەبینین كەشیعركەمتروەرگێڕدراوە. ئەوەشی كەوەرگێڕدراون دەقی چەندشاعیرێكی دیاریكراوە. بۆیەخوێنەری كورد دەرفەتی ئەوەی لەبەردەم نەرخساوە، كەبەئەزموونی شیعری دیكەی شاعیرە ناسراوەكانی دنیائاشنا بێت.بەتایبەتیش كەخوێنەری كورد بەگشتی تەنها زمانی دایك دەزانێت وناتوانێ بەزمانی نووسراوی دەقەكان، دەقەكان بخوێنێتەوە.لێرەوەش كاتێ ئەزموونی شاعیران ونووسەرانی دنیابەزمانی كوردی دەخوێنینەوە، ڕەنگە بەرجیاوازییەكی گەورەو داهێنانێكی

جوانترلەئەزموونی شیعری شاعیرانی كورد نەكەوین. من دەزانم ڕەنگەكەسانێك سەیریان بەوبۆچوونەی من بێت. بەڵام كاتێ دەگەڕێنەوە سەردەقەكان وبەراوردی یەكتریان دەكەن، ئەوكات ئەو گومانەیان دەبێتە یەقین.كورد وەك نەتەوەیەك نەك تەنها خاك و جوگرافیاو مێژووی داگیر كراوە، بەڵكو هەوڵی لەنێوبردنی فەرهەنگەكەشی دراوە. بۆیە هەلی ئەوەی بۆنەڕخساوە ئەدەبەكەی خۆی بەدنیا بناسێنێت.

كە(محمود دەروێش) بەجیهانی دەبێت وتا ڕادەیەك شێركۆبێكەس نا، لەبەرئەوەیە كەجیهان هاوسۆزی گەلی فەلەستینە، بەڵام هاوسۆزی

کوردنا. دەروێش وەك شاعیرێکی بێ خاك و دەوڵەت دەبینن ولەپەراوێزی سیاسەتەوە، دەبێتە شوناسێکی جیهانی گەورە. بەڵام دەوڵەت بەکورد ڕەوانابینن، بۆیەئەزموونی شێرکۆ لەئاست ئەزموونی دەروێش شوناسێکی جیهانی وەرناگرێت. ئەگەرناخوێنەر دەتوانێ شیعرەکانیان بەراورد بکات.

کتێبی(هەموو شەوێك وەرە بۆلام) هەڵبژاردەیەکە لەشیعری جیهانی و وەرگێڕی بەتواناو دیاری کورد( ئازاد بەرزنجی) وەریگێڕاوە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە کۆکراوەی بژاردەی شیعری جیهانییە لەنەتەوە جیاوازەکانی دنیا. کتێبەکەچەندان دەقی شیعری جیهانی لەشیعری نەتەوەکانی عەرەب وفارس وفەڕەنسی وئەمریکی وڕوسی هی شاعیرانی وەك:(لۆرکا واڵت ویتمان محمد ماغوت_ ئەحمەدی شاملۆ_ بەدرشاکرسەیاب پۆڵ ئێلوار)و چەند شاعیرێکی دیکەش لەخۆدەگرێت. هەریەك لەوشاعیرانە، چەند نموونەیەك لەشیعرەکانییان بەزمانێکی کوردییانەی جوان وسادە، بێ گرێوگۆڵ وەرگێڕدراون.

خوێنەرکاتێ ئەوشیعرانە دەخوێنێتەوە، واهەست دەکات دەقەکان بەزمانی ڕەسەنی خۆیان دەخوێنێتەوە. وەرگێڕی شیعرەکان هەوڵیداوە مۆرکی دەقەکان وشیعریەت وچێژ و ڕیتمی دەقەکان، لەکاتی وەرگێڕاندا بەزمانێکی کوردییانە بگەیەنێتە خوێنەری کورد وتیاشیدا سەرکەوتووبووە.

شیعرەکان بەگشتی بژاردەی شیعری جوان وسەرنج ڕاکێشن. لەزماندا سادەن، لەناوەڕۆك و دەربڕیندا شیعری ساکارن، بەڵام وێنەی شیعرییانەی جوانییان تێدایە. خوێنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرە کەپێشتریش چەندان دەقی شیعری دیکەی وەرگێڕدراوم بەزمانی کوردی هی هەمان وەرگێڕخوێندبوونەوە، بۆمن جێگەی بایەخ و سەرنج بوو وەك خوێنەرێکی شیعروئەدەب دۆستێك.

لەدووڕوانگەوە، ئەم شیعرانە بۆمن جێگەی هەڵوەستەن. یەکەمیان: وەك خوێنەرێك ئاشنای شیعری شاعیرە ناسراوەکانی دنیا کەپێشتر نەمتوانیوە بەزمانی خۆیان شیعرەکانییان بخوێنمەوە دەبم، دووەمیشیان: بۆ ئەوەی ئەزموونی شیعری جیهانی وشیعری کوردی وشاعیرانی کوردوجیهان بەراوردبە یەکتری بکەم. من کاتێ ئەوکۆمەڵە شیعرەم خوێندەوە، گەرچی بژاردەی شیعری جوانن، بەڵام وەك خوێنەرێك درکیشم بەوەکردکە شاعیرانی دنیا ئەوانەی لەئاستی جیهاندا شوناسێکی جیهانییان وەرگرتووە،شیعرەکانییان لەشیعری شاعیرانی

كوردجوانتروهونەریترو بگرە پڕماناتریش نییە.

ڕەنگە كەسانێك ئەو بۆچوونەی منیان بەلاوە سەیر بێت، بەڵام دەتوانن شیعرەكان بخوێننەوەو بەراوردی یەكتریان بكەن. ئەگەركوردوەك نەتەوەیەك ژێردەستەوچەوساوە نەبووایە، خاوەنی دەوڵەتی خۆی بووایە، ئەوابێگومانم شیعری شاعیرانی كوردیش لەئاستی شیعری شاعیرانی دنیا دەبوو. بەڵام مرۆڤ كە خاك و نەتەوەی داگیركرابێت، ئەوا فەرهەنگ و كلتووریشی لەنێودەبرێت.

یاخود ڕووبەڕووی سڕینەوەو توانەوەلەفەرهەنگی نەتەوەی سەردەست دەبێتەوە. وەك ئەوەی هەندێك جارزمانی كوردی بەلقێكی زمانی فارسی دەزانن. لەشیعری شاعیرانی كورد، هەزاران دەربڕین و وێنەی هونەری شیعرییانەی جوان هەیە، كەزۆر لە شیعری شاعیرانی دنیا بەچێژترو سەرنج ڕاكێشترن.وەلێ چونكە شیعری كوردی وەرنەگێڕدراوەتە سەرزمانی بیانی، یاخود شیعری بیانیمان بەزمانی كوردی نەخوێندۆتەوە، ئیدی واهەست دەكەین شاعیرانی دنیا لەشاعیرانی كورد داهێنەرترن. ئەمەڕەنگە بۆئەزموونی شاعیرانی نەتەوەیەكی دیاریكراویش وەها بێت.

بۆنموونە هەرلەو كۆمەڵە شیعرەدا، چەندان شیعری شاعیری جوانووسی فارس(بێژەن جەلالی) تێدایە. خوێنەركاتێ ئەوشیعرانە دەخوێنێتەوە، سەرسام دەبێت لە تواناوئەزموونی شیعری ئەوشاعیرە. ئەوكات تێدەگات كەتەنها سوهراپ وفروخ لەئەدەبی فارسیدا نین كەدەیان ساڵە بەشێكی زۆر لەوەرگێڕەكانی كورد دەیانەوێت واپیشانی بدەن ولەخوێنەری بگەیەنن كەفارس تەنها ئەو دوو شاعیرەی هەیە.

بەپێچەوانەوە، دەشێ شاعیری بەتوانای دیكەش هەبن، كەلەبەرئەوەی شیعرەكانیان وەرنەگێڕدراوەتە سەرزمانی كوردی، ئیدی گومناوو نەناسراون. ئەمە لەلایەك لەلایەكی دیكەوە ئەركی وەرگێڕەكانی كوردە كەچەند هەوڵییانداوە دەقی نووسەرانی دنیا بەخوێنەری كوردبناسێنن، ئەوەندەش هەوڵی وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرانی كورد لەشیعرو چیرۆك وڕۆمان بدەن. بۆ ئەوەی خوێنەرانی دنیاش بزانن كەكوردیش چەندان شاعیری بەتواناوجوانوسی هەیە كەهیچیان لەشاعیرە ناودارەكانی دنیاكەمترنییە، وەلێ بەداخەوە ئێمە باجی بێ دەوڵەتی و بێ نیشتمانی دەدەین. لەكۆتاییدا دەست خۆشانە لە(ئازاد بەرزنجی) دەكەم. هیوادارم یەردەوام بێت لە وەگێڕانی ئەزموونی نووسەرانی دنیا بۆ سەر زمانی كوردی و بە پێچەوانەوەش.

**ڕانانی/ سەدیق سەعید ڕواندزی**

---

*پەراوێز:_
ناوی کتێب(هەمووشەوێك وەرە بۆلام)/بابەت/ هەڵبژاردە لەشیعری جیهانی/ وەرگێڕانی(ئازادبەرزنجی)/بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم 2018..